## "بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیا"




کەمال مەزهەر، "کورد وکوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا"، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی عەبدوڵلا زەنگەنە و شەهلا تاهیر حەیدەری، بڵاوکەرەوە: نووسەر(؟)، چاپی یەکەم، 2008، 821 لاپەڕە (کوردی).

دوای سەفەرێکی یەکساڵە بۆ بریتانیا و وەرگێران و دیراسە کردنی بەشێک لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەم وولاتە سەبارەت بە کورد وکوردستان، توێژێنەری جێگەی ڕێزی گەلی کورد – دوکتۆر کەمال مەزهەر لە ساڵی 2008 دا کتێبێکی بە کوردی بڵاو کردۆتەوە کە من چاوم بە بەرگی یەکەمی کەوتووە.

لێکۆڵینەوە و ئاکام وەرگرتنی دوکتۆر کەمال لە بەڵگەنامەکان پێشینەی هەیە و خوێنەری کورد شارەزای ووردبینی و ئەمانەتداری و هەستی دڵسۆزانەی نووسەر بە نیسبەت گەلی کوردەوەیە و هیچکام لەو لایەنانە پێویست بە ناساندنی من ناکەن. کتێبەکە سەرچاوەیەکی نوێیە بۆ هەڵسەنگاندنی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان لە سەدەی بیستەمدا. نووسەر بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە هەرچوار پارچەی کوردستانی لە*'ئارشیوی نیشتمانی'* بریتانیا دۆزیوەتەوە، وەریگێراونەتە سەر کوردی و دیراسەی کردوون، هەندێک جاریش بیرەوەری و بابەتی زیادکراوی خۆی خستوونەتە سەر، ئینجا بە خۆی و بە کاک عەبدوڵلا زەنگەنەوە، پێشەکی، پەراوێز، و پاشکۆیان بۆ ئامادە کردووە.

ناوەرۆکی دەقی کتێبەکە بەم چەشنەی خوارەوەیە:

سەرەتا و پێشەکی و ناساندن، لل. 1 تا 48

بەڵگەنامەکان، هەڵسەنگاندن و پەراوێز، لل. 49 تا 580

وێنە و کۆپی بەڵگەکان، لل. 581 تا 758

پێرستی ناوەکان، لل. 759 تا 807

دوا ووشە و پاشگوتن، لل. 808 تا 822.

ئەوەی وا سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت، *'بابەتی حەوتەم' - 'هەڵهاتن و خێرا ئاوابوونی خۆری مەهاباد ..."* ە لە لاپەڕە 247 تا 344. ئەم بەشە هەندێک بەڵگەنامە لەخۆگرتوون کە پێوەندیان بە کۆمەڵەی ژێکاف، حزبی دیموکڕاتی کوردستان و کۆماری کوردستانەوە هەیە. کۆماری کوردستان لە نووسینەکانی دوکتۆر کەمالدا بە ناوی کۆماری مەهاباد یا جمهوری مەهابادەوە ناوبراوە و کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە دوای ووتووێژ لەگەڵ مامۆستادا، ووشەی کوردستانیشی لە ناو دوو کەواندا لێ زیاد کردووە (بڕوانە پەراوێزی ل. 213).

من لەگەڵ ڕێزی زۆرمدا بۆ مامۆستای خۆشەویست دوکتۆر کەمال، ئەم کارە و ئەم هەڵوێستە بە هەڵە دەزانم و لام وایە هەوڵی کورد و ڕێبەرەکانی لەو سەردەمەدا، لە پێناو "کوردستان" و لەژێر ناوی "کوردستان" دا بوو، جا ئەگەر بارودۆخی سیاسی و لەوانە، دابەش بوونی ئێران بە سەر دوو ناوچەی دەسەڵاتی سۆڤیەت و ئینگلیز بەرگری خواستیان نەبوایە، کۆماری کوردستان شار وناوچەیەکی بەرفراوانتری دەگرتەوە. گەرچی هەر بە بێ ئەوەش لە ماکۆوە تا گوندی سەرا ی نێوان بۆکان و سەقز لە ژێر دەسەڵات یا لانیکەم، نفووزی کۆماردا بوو و جیا لەو ڕاستییەش، ووتار و دروشم و قسە و نووسراوەی ڕێبەرانی ئەودەم و لە پێش هەموانەوە پێشەوا قازی محەممەد و بارزانی نەمر، هەموو سەبارەت بە*'کوردستان'* و لە پێناو ئەودا بوو، نەک مەهابادی تاک و تەرا. لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا، بەربەست کردنی ئەو حوکمە بەرفراوانە و ناوی*'مەهاباد'* لەسەردانانی، بە بۆچوونی من، لە شوێنی خۆیدا نییە و مامۆستایەکی زانا وەک دوکتۆر کەماڵ نەدەبوایە باڵی بۆ ئەو زاراوەیە بکێشایە، بەتایبەت کە دوژمنانی کورد هەر بەشێوەی 'کۆماری مەهابا' سەیری ئەو دەسکەوتەی گەلی کورد دەکەن و بۆچوونی دوکتۆر کەماڵ دەتوانێ پاساوێک بێت بۆ هەڵوێستی ئەوان.

ئەوەی بۆکان بگرێتەوە، لەم بەشەدا زۆر نین، گەرچی هەموو بابەتەکان بەگشتی حکوومەتی کۆماری کوردستان دەگرنەوە و بەوەش، دیارە پەیوەندی بە بۆکانەوە پەیدا دەکەن کە شاری دووهەمی کۆمار بووە. جیالەوانە، لە لاپەڕە 325 دا باس لەوە دەکرێت کە*"ڕووسیا بانگهێشتنی ژمارەیەک لەو سەرکردە (کوردانە) ی بۆ شاری باکۆ کردووە کە لە ئێران دەژین"*. ئەوەش وێدەچێت سەفەری یەکەمی باکۆ بێت کە عەلی ئاغای عەلیاری تێدا بەشدار بوو.

مامۆستا کەمال بیرەوەرییەکی خۆی لەمەڕ نەمر 'محەممەدی مەولوود' ئاوێتەی بابەتەکانیتر کردووە و لە پەراوێزی لاپەڕە 338 دا، کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە هەندێک ڕوونکردنەوەی لە سەر بابەتەکان

نووسیوە و تێیدا بەرپەرچی 'وەسیەتنامەی سیاسی' پێشەوای داوەتەوە و بە 'وەسیەتنامەی هەڵبەستراو' ی ناوبردووە. جا دەنووسێت ئەو وەسیەتنامە ساختەیە سەرەتا کەسێک بە ناوی "م. م. بۆکانی" لە گۆڤاری "خەباتی قوتابیان" دا بڵاوی کردۆتەوە.

لە سەرەتای کتێبەکە وباسی بایەخی زۆری بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دا، مامۆستا شوێنی پارێزرانی بەڵگەنامەکان بە "پەرستگا" دادەنێت و گلەییەک لە کوردانی دانیشتووی بریتانیا دەکات و دەنووسێت: "لە برایانی خۆشەویست سەباحی غالب، ئەنوەری سوڵتانی و شێرکۆ حەبیب بەولاوە، پێموایە کەسێکیان زیارەتی ئەو 'پەرستگا' کەم وێنەیان نەکردووە".*

لە بەشی وێنەکانیشدا وێنەیەکی سەرنجراکێش لە لاپەڕە 611 دا چاپ کراوە کە لە ژێری نووسراوە "بەر لە ساڵی 1306 ی هەتاوی/1928 ی زایینی – مەهاباد". لە وێنەکەدا مەلا حسامەددین شەفیعی، قازی شێخ محەممەد موحسینی قازی موکری، مەلا سەدیقی سیدقی و مەلا عەبدوڵڵای مودەڕڕیسی دەبینرێن.

من لە کاتی خوێندنەوەی ئەو بەشەدا چەند لاپەڕەیەکم دەست نیشان کرد کە لە ئەسڵ یا پەراوێزی لاپەڕەکانیاندا زانیاری گرنگم سەبارەت بە سەردەمی کۆماری کوردستان بینیوە. لاپەڕەکان ئەمانەن:

213، 220، 225، 230، 247، 262، 264، 268، 273، 317، 320، 322، 325، 332، 326، و 328.

هیوادارم بەختی ئەوەم هەبێت چاوم بە بەرگەکانی دواتری کتێبەکەی مامۆستا ڕوون بێتەوە.

---

سپاسی زۆری دوکتۆر کەمال دەکەم بۆ ئەو وەبیر هێنانەوەیە و لام وایە ئەگەر لە کاتی نووسینی ئەم سەرەتایەدا کتێبی *"ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا"* منی بدیایە، واهەبوو بە پێویستی نەزانێت زەحمەتی وەرگێڕانی یەک یا دوودانە لە بەڵگەنامەکان بداتە بەرخۆی، لەبەر ئەوەی پێشتر لە کتێبەکەی مندا هاتبوون.